بڕیاری ئەنجومەنی وەزیـران

ژمارە (٧) لە ٢٠١٩/٧/٣٠

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمـوارکراو، و لەبەر ڕۆشـــنایی کۆنووسـی کۆبـوونەوەی ئاســایی ئەنجــومەنی وەزیــران ژمــارە (٣) لە ٢٠١٩/٧/٣٠، و دوابەدوای بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٤) لە ٢٠١٩/٧/٢٢، بڕیاردرا بە:

**یەکەم:**

پێکهێنانی لیـژنە تەکنیکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دۆسیێیەکانی بابەتە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی لەژێر سەرپەرشتی لیـژنەی باڵای هاوبەشی هەردوو حکومەت بەم شێوەی خوارەوە:

**لیژنەی یەکەم:** لیـژنەی تەکنیکی دۆسیێ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز وەزیری ناوخۆ و ئەندامێتی ئەم بەڕێزانەی خوارەوە:

١. وەزیری کاروباری پێشمەرگە.
٢. وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن.
٣. خالد سەلام شوانی، وەزیری هەرێم.
٤. سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران
٥. سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران.

**لیژنەی دووەم:** لیـژنەی دۆسیێ ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان و بودجەی گشتیی فیدراڵ و بابەتەکانی پەیوەندیدار بە نەوت و گاز بە سەرۆکایەتی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری و ئەندامێتی ئەم بەڕێزانەی خوارەوە:

١. نوێنەری نووسینگەی تایبەتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.
٢. وەزیری پلاندانان.
٣. سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران.
٤. سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران.
٥. بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری.

**دووەم:**

سـەرەڕای ئەو بەڕێـزانەی ناویـان لە بـڕگەی (یەکەم)ی ئەم بڕیـارە دەستنیشـان کـراوە، بەڕێـز سـەرۆکی دیـوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەشداری هەردوو لیژنەکە دەکات.

**سێیەم:**

وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران